# سوچی شەوە واقاتلی پەروانە چرایە، نالی.

سەردار عەزیز

یەکێک لە هەرە ئاڵۆزترین و تۆکمەترین تیورە یان گەمە، کە لە بوارەکانی فەلسەفەو ئابووری و پەیوەندی نێودەوڵەتی و زۆر لەبوارەکانی ترا بەکاردێت یاریەکە بە دڵەراوکێی بەندیەکان ناسراوە. دیارە ئەم گەمەیە وەک ئەلەگۆریەک،(کە بۆخۆی یەکێکە لە پێکهاتە بنەرەتیەکانی ئیپستمۆلۆژیا)، بەکاردێت.

لەم گەمەیەدا دوو بەندی تاوانبارن بە تاوانێک هەریەکە بە جیا لە بەندیخانەدان. با بەندی یەکەم ناوبنێین ئازاد وە بەندی دووەم نەوزاد. ئەگەر هەردوکیان دان بەتاوانەکانیان بنێن ئەوا هەریەکەو تەنها پێنج ساڵ بەند دەکرێن. ئەگەر هاتوو هەردوکیان دان بە تاوانەکانیان نەنێن و بێدەنگ بمێننەوە ئەوا هەریەکەو تەنها یەک ساڵ لە بەندیخانەدا بەسەر ئەبەن. بەڵام ئەگەر هاتوو ئازاد دانی بە تاوانەکەیدا نا و نەوزاد نکوڵی لێکرد ئەوا ئازاد بەرەڵا ئەکرێت وە نەوزاد بۆ ماوەی بیست ساڵ بەند دەکرێت. لەلایەکی ترەوە ئەگەر نەوزاد دان بەتاوانەکەیا بنێت و ئازاد نکوڵی لێبکات، ئەوا نەوزاد بەرەڵا ئەکرێت و ئازاد بیست ساڵ بەند دەکرێت.

ئەم یاریە ئاڵۆزە، بەڵام بەگشتی دوو ڕێباز بەسەریا زاڵە. یەکەمیان پێی دەوترێ، ستراتیژی زاڵ. ئەویتریان هاوتەبابوونی ناش. مەبەست لە ستراتیژی زاڵ ئەوەیە کە یەکێک لە بەندیەکان (یاریکەرەکان) کارێک بکا کە بە هەموو جۆرێ تەنها لە بەرژەوەندیا خۆیدابێت، کێشەنیە ئەویتر هەرچیەک بکات.

هاوتەبابوونی ناش لە پاش ئابووریناس و زانای ماتمانیک جۆن ناش ناونراوە، کە لەسەر ئەم بیردۆزەیە ساڵی 1950 خەڵاتی نۆبڵی لە ئابوریا پێبەخشرا. سەربوردەی ژیانی ناش کە پاشان توشی نەخۆشی دەرونی بوو لە فلیمێکی جواندا پێشاندراوە لە ژێرناوی عەقڵێکی جوان. مەبەست لە هاوتەبابوونی ناش ئەوەیە کە بارێکە کە لە بەرژەوەندی هەردوو بەندیەکەیە بە یەکسانی، ئەوەی ئەگەر ئازادو نەوزاد هەردوکیان نکوڵی لە تاوانەکانیان بکەن.

ڕەهەندی سێهەمی ئەم یاریە بەرژەوەندی خودە. بەرژەوەندی خود بەلای زۆر لە فەیلەسوفانەوە تەنها هۆکارە لە پشت هەموو کارێکەوە کە کەسێک یان گروپێک پێی هەڵئەستێ. لای شۆپنهاوەر تەناتەت خۆشەویستیش لە بەرژەوەندی خودەوە دەست پێئەکات و لەویش کۆتایی دێت. لای هۆبز بەرژەوەندی خود تەنها هۆکارە لەپشت هەموو شتێکەوە هەموو کەسێ پێی هەڵئەسێ. مەبەست لە هێنانەوەی ئەم تیورەیە، بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی.

ئەگەر یەکێتی و پارتی وەک دوو یاریکەر تەماشابکرێن لە یاری دڵەراوکێی بەندیەکان ئەوا ئێمە لەبەردەم چەندین ئەگەردایین. بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەستە، گەرانە بەدوای ستراتیژی زاڵ و هاوتەبابوونی ناش. پاشان لێرەدا لایەکی سێهەم دەناسێنین کە خەڵکی کوردوستانە کە بەلای منەوە ڕۆڵی شەو ئەبینن لەو دێرە شیعرەی نالیدا کە بۆ ناونیشانی ئەم نوسینە دانراوە. بەمانایەکی تر گوناهی کۆمەلانی خەڵکی کوردوستانە کە یەکێتی و پارتی پێکەوە دەوڵەتێک سەردەمانە دروست ناکەن کە لایەک تیایە حکومەت بەرێوەببات و لایەکیش ڕۆڵی ئۆپۆزسیون بگێرێت.

دیارە هاوتەبابوونی ناش لە شێوە ئایدیەلەکەیا ئەوکاتە دێتە دی کە هەردوولا پێکەوە حکومەت دابمەزرێنن. بەڵام ئەم دۆخە بۆ هەردوولا هاوتەبابوونی ناش نیە. بەڵکو هاوتەبابوونی ناش بۆ هەردوولا ئەوەیە کە هەریەکەو بە جیا بە تەنها لەبەشێک لە کوردوستان حکومەتی خۆیان هەبێت. دیارە مەرج نیە لە هەموو یاریەکا ستراتیژیەتی زاڵ هەبێت، بەلای منەوە لەیاری یەکێتی پارتیدا ستراتیژی زاڵ نیە. هیچ دۆخێک یان پلانێک کە پارتی یان یەکێتی بە تەنها پێی هەستن و بەبێ گوێدانە ئەو لایەنەکەی تر وە لە بەرژەوەندیانا بێت.

ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی نوسینەکە وە بپرسین بۆچی گوناهی خەڵکی کوردوستانە کە یەکێتی و پارتی حکومەتێکی مۆدرێن پێک ناهێنن. دیارە خەڵکی کوردوستان لێرەدا مەبەست لە تێروانینی خەڵک و تێگەیشتنی خەڵکە بۆ دەسەلات. هەردوولا پارتی یەکێتی زۆرباش لەوە ئاگادارن کە خەڵکی کوردوستان بە دیموکراسیەت نامۆن. هیچ بوارێک لەپانتایی کۆمەڵگای ئێمەدا نیە بۆنی دیموکراسی لێبێت. لێرەوە مرۆڤی کورد وەها دروست بووە ڕەدووی بەهێز بکەوێ. وە هەردەم خاوەن هێز بە راست بزانێ. دیارە مێژووی کورد شایەتحالی ئەمەیە. کورد چەندێک خەباتگێربووە ئەوەندەش بەزیادەوە دەست لە ناودەستی دوژمن بووە.

لێرەوە هەردوو حیزبەکە زۆر لەوە ئەترسن کە ئەگەر هاتوو کەوتنە خانەی ئۆپۆزسیونەوە ئەوا خەڵکی کوردوستان وەک پەراوێز و لە دەرەوەی دەسەلات تەماشایان بکات. بەتایبەت کۆمەڵگایی ئێمە بەهیچ جۆرێ بە گۆران ئاشنا نیەو

بەڵکو لەزۆرجاردا بەکارێکی خراپی لەقەڵەم ئەدات. ئەگەر هاتوو ئۆپۆزسیون پەراوێزبێت ئەوا چەندین سەدەی ویست هەتا لە رۆژئاوا هەتا پەراوێز دەنگی پێبەخشرا، دەکرێ کارەکانی فۆکۆو پاشان زۆر لە بونیادگەرەکان بە چەقی ئەم پارادیمە دابنرێ. کۆمەڵگای ئێمە چونکە بەدەست بەهێزەوە دەناڵێنێ بە نزمی تەماشای بێهێزئەکات. بۆ نموونە ئافرەت و هەژاران و منالان و ئاژەڵ بەهیچ شێوەیە رێزیان ناگیرێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

ئالێروە لەدەستدانی دەسەلات بۆیەکجار بەلای هەردوو لایەنەکەوە وەک لە دەسەتدانی دەسەلات لە قەڵەم ئەدرێ بۆ هەتاهەتایە. دیارە ئەم تێروانینە سەرتاپا عێراق ئەگرێتەوە. بۆنموونە بەهۆی دەسەڵاتەوە بوو حیزبەکەی عەلاوی ئەو هەموو دەنگەی هێنا. بۆیە وەها چاوەروان ئەکرێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو حیزبە ژمارەیەکی زۆر کەم دەنگی خەڵک بەدەستبهێنێ.

ئەم تیورە وەهامان لێئەکات کە ئەگەربمانەوێ کومەڵگایەکی مۆدرێن دابمەزرێنین دەبێ خەڵکێکی مۆدرێنمان هەبێ. چونکە هەردوو لایەنە کوردیەکە مافی خۆیانە کە رەدووی بەرژەوەندی حیزبەکانیان بکەون. ئەگەر هاتوو هەردوو لایەنەکەش رازیبوون بە دروستکردنی حکومەتی مۆدرێن ئەوا بەو شێوەیە مۆدرێن نابێ کە پێویستە چونکە پرۆژەیەکە لە سەرەوە دێت. دەبێ دیموکراسی لەخوارەوە لە خەڵکەوە بونیادبگرێ. لە ئەنجامدا حکومەتێ دروستکات لەخەڵکەوە بۆ خەڵک وەک لە دەستوری ئەمریکیدا نوسراوە.